# نامەیەکی ڕاستەوخۆ.....
# بۆ سەرجەم کۆبوونەوە ژێراو ژێرەکانی پارتی و یەکێتی..

## دڵزار حەسەن

مەترسیدارترین ئەتەکێتی کۆبوونەوە سیاسیەکانی حزبی کوردی ئەو دانیشتنانەن کە دونیایەك کێشە و ململانێ و موجامەلە و پرۆتۆکۆڵی لێیەوە بە ئاکام دەگات و بێ ئەوەی بە منی هاولاتی بڵێن لەسەر ئەوە ڕێککەوتین و لەسەر ئەوەش ناکۆکین.

لێرەدا نامەوێت قسە لەسەر ژووری عەمەلیاتەکانی دبلن و واشنتەن و دارەبەن و لەندەن و سەرمەیدان و ئەنقەرە و مەسیف و بەغدا و تاران بکەم. چونکە ئەوانە وادەیان بەسەر چووینە و چوونەتە ناو هەگبەی مێژووەوە، بەلاّم ئەو کۆبوونەوەو پرۆتۆکۆلانەی کە لە دوای ڕووخانی سەدامەوە بۆ لێك نزیك بوونەوەو دابەشکردنی پۆستە ئیداری و سیاسیەکانی پارتی و یەکێتی لە کوردستان و عێراقدا بەرهەم هاتوون بەشێوەیەك لە شێوەکان قسە و قسەلۆکی زۆر هەر دەگرن، بۆیە ڕاستەوخۆ دەچمە سەر لوبی کۆبوونەوەکانی ئەو دوایەی یەکێتی و پارتی و لەسەر ئەو تێبینی و کێشە و بابەتە کۆك و ناکۆکیەکانیان دەدوێم. وەك ئاشکرایە پێش دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 2005/1/31 گروپی هاوپەیمانی کوردی لە عێراق و کوردستان بەیەك ئاراستە گوتاری سیاسی خۆیان لەمەڕ بەشداریکردنی پۆستە سیادیەکانی عێراق و کوردستان ڕێکخست.

لە دەرەنجامی ئەوەش مام جەلال بوو بە سەرۆك کۆماری عێراق و واش بڕیارە مەسعود بارزانی بە پێی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان هەر دوولا لە پێشتردا ئەنجامدرا بوو دەبێت بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوە بوو پرۆتۆکۆڵەکان لەمەڕ وەرگرتنی سەرکۆماری عێراق مەبەستەکەی خۆی پێکا و مام جەلال بوو بە یەکەم سەرکۆماری کورد لە دیرۆکی سەر کۆماری لە عێراقدا. بەس پۆستی سەرۆکی هەرێم کە مەسعود بارزانی دەستنیشانکراوە بۆی تا ئێستا یەکلانەبۆتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانیان لەسەر پۆستی سەرۆکی هەرێم چەندان دانیشتنی ژێراو ژێر بە ئاکام و بێ ئاکامی لێبەرهەم هاتووە. دیارە تا ئێستاکەش لەگەڵ تەواو بوونی هەر کۆبوونەوەیەك و دوای دەرچوونیان ئیدی لەبەردەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە ئاشکرا ساردو سڕی لە دەم و چاویان هەستی پێدەکرێت و گفت و بەڵێن و خۆزگەکانیشیان لە بەردەم جەماوەردا تەنها موجامەلەیەکە و دەرزییەکی موسەکینە بۆ ئەوەی دڵی خەڵکی کوردستان لەوە زیاتر لێیان نەرەنجێت و بەڵکو ئەوە خودایە لە کۆبوونەوەی داهاتوویاندا ئاوێك بەو ئاگرەی نێوانیان دابکەن. وا دیارە پارتی عاجزە لەوەی یەکێتی سەرکۆماریەکەی مسۆگەر کردووە و بێ منەتانە مامەڵە لەگەڵ جەوی دانیشتنەکاندەکات.پێدەچێت یەکێتیش پۆستی سەرۆکی هەرێمی بەو هەموو سیفەت و دەسەلاّتەوە پێ هەزم نەکرێت و پارتی بەوە تاوانبار دەکات کە دەیەوێت دەسەلاّتێکی ڕەها بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بسازێنێت.

لێرەدا جۆری ململانێ و خاڵی ناکۆکیەکەیان گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی کە پارتی پێی وایە دەبوایە دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆماری لە لایەن مام جەلال-ەوە ڕێك لە بەرامبەر ئەوەدا پۆستی سەرۆکی هەرێم دەبێتە مولکی پارتی، بەلاّم وا دەرنەچوو چونکە مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەیویست سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە ئەمڕۆکە مەسعود بارزانی دەبێتە یەکەم هەڵبژێردراوی ئەو پۆستە بەو دەسەلاّت و ڕەهایەتیەی کە لە پۆستەکەیدا هەیەتی ببێتە سیستەم و عادەتێك بۆ هەر کەسێکی دیکەی دوای ئەو کە بیەوێت پۆستی سەرۆکی هەرێم وەربگرێت.. دیارە ئەو ناڕازیبوونەی یەکێتی لە جۆری دەسەلاّتداریەتی سەرۆکی هەرێم پشت ئەستوورە بە داڕشتنەوەی یاسایەك تا سنووری دەسەلاّتداریەتی سەرۆکی هەرێم لەو ڕەهایەتیەی کە ئێستا لە لایەن پارتیەوە بۆی دیاری کراوە بیخاتە ژێر پرسیار و تێبینی و هەڵوەشاندنەوە بۆ ئەوەی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ ئەرك و دەسەلاّتی سەرۆکی هەرێم دیاری بکات تا لە ئایندەدا سەرۆکەکانی هەرێم سیفەتێکی دیکتاتۆریانە بە خۆیانەوە نەبینێت. بە پێچەوانەی ئەوەش پارتی پێی وایە

یەکێتی کەمتەرخەمە لە جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆڵەکان کە تاکو ئێستاکە لە نێوانیاندا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە ، بۆیە پارتی بەردەوام خاڵی جەوهەری ناکۆکیەکانیان دەگەڕێنێتەوە بۆ یەکێتی کە نایەوێت کۆبوونەوەکان بە ئاکام بگات. لەو لاوەش یەکێتی نیگەرانە بەوەی کە کۆبوونەوەی پەرلەمان لە لایەن پارتیەوە بریاری دواخستنی درا، چونکە مەکتەبی سیاسی یەکێتی سەرباری پێزانینی ئەو ناکۆکیانەش بەڵام بۆ ڕێگاچارەی کێشەکانیان لەگەڵ پارتیدا پێیان باشبووە لە ناو پەرلەمان قسە و باسی لەسەر بکرێت.

دیارە پارتی لە بەرامبەر ئەوەدا پێشنیاری دیکەی هەبووە کە پێش دانیشتنی پەرلەمان پێویستدەکات یەکێتی ئەو خاڵانەی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم پێك دەهێنێن و جێبەجێیان بکات. ئەویش هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی ئیدارەی سلێمانی و ئامادەبوونی مام جەلالە لە کۆبوونەوەکاندا، لەبەرامبەر ئەوەشدا یەکێتی داوای جێگری فەرماندەی گشتی و پێشمەرگە و سەندنەوەی کاروباری دارایی لە سەرۆکی هەرێم و دانەوەی بە لیژنەیەك لە پەرلەمان و حکومەت دەکات.

بەهەر حاڵ ئەمانە چەند خاڵێکی ناو کۆبوونەوە نهێنیەکانی پارتی و یەکێتین کە ئێستاکە بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، بەڵام من لێرەدا راو سەرنجی خۆم لە بارەی بوونی سەرۆکی هەرێم و هەڵبژاردنی ئەو لە لایەن پەرلامان و دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم و گرنگی ئەو پۆستە بۆ کورد دەردەبڕم. کە لێرەدا وەك نامەیەکی کراوە بۆ کۆبوونەوە ژێراو ژێریەکانی یەکێتی و پارتی دەینێرم.

دیارە بوونی سەرۆکی هەرێم لە دوای پرۆسەی هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی کوردستان لە 1/31 وە وەك وجودێکی حەتمی لە بارەی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جێگای لێدوانە، چونکە هەرێمی کوردستان کە خاوەنی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوی شەرعی خەڵکی کوردستانە دەتوانێت سەرۆکی حکومەتی هەرێم و سەرۆکی هەرێمی کوردستان دیاری بکات.

بەڵام لێرەدا دەبێت پرسیار لەوە بکرێت ئایا پەرلەمانی هەڵبژێردراوی دەستی هاوڵاتیانی کوردستان کە نوێنەری فەرمی دانیشتوانی هەرێمە توانای ئەوەی هەیە سەرۆکی حکومەت یان سەرۆکی هەرێم هەلبژێرێت؟ لە کاتێکدا ئەو دوو کەسە ئەندامی پەرلەمان نەبن؟! دیارە ئەوە پرسیارێکە و ئاراستەی پەرلەمانی دەکەم.. چونکە گەل نوێنەری خۆی دەنێرێتە پەرلەمان پەرلەمانیش لە ناو ئەندامەکانیدا دوو کەس دیاری دەکات یەکێك بۆ سەرۆکی حکومەت و ئەویتر بۆ سەرۆکی هەرێم- لێرەدا ئەو دوو ئەندامە پەرلەمانەی کورد کاتێك پۆستە سیادیەکان وەردەگرن.هەڵبەتە شەرعییەتیان لەوە بە دەست هێناوە کە گەل ئەوانی وەك نوێنەری خۆیان بۆ پەرلەمان و سەرۆکایەتی دەوڵەت هەڵبژاردووە.

رەنگە بە شێوەیەکی دیکە کە دڵنیاشم لە رووە یاسایەکەیەوە تا چەند راستە و رێی تێدەچێت..بەڵام ئەگەر پەرلەمان ئەو دوو پۆستە سیادیە بە بێ ئەوەی ئەندامی پەرلەمان بن بیانکات بە خاوەنی پۆست ئەوە قسەیەکی دیکەیە!! بە هەر حاڵ سەرۆکی هەرێم وا چاکە بە هەڵبژاردن بێت بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ئەو پۆستە نەبێتە شتێکی میراتی و میزاجی یان وەك تۆپ لەبەر دەستی پارتی و یەکێتی ئەو لاو ئەم لای پێنەکرێت- ئەگەر دانانی ئەو پۆستانە بە گوێرەی ئەندامیەتی و دەنگی پەرلەمانتارانەوە بێت کە هەلیدەبژێرن، ئەوە شەرعییەتیان 100٪ دەبێت سەبارەت بە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمیش وەك لە سەرەتا ئاماژەم پێدا ئاکامی زۆر خراپ دەبێت ئەگەر ئەو دەسەڵاتە رەهایە بە بەرگی سەرۆکی هەرێم رەنگرێژ بکرێت.

لە بارەی گرنگی ئەو پۆستە بۆ کورد پێم وایە سەرۆکی هەرێم ئەگەر دەسەڵاتی لە سەرووی پەرلەمانەوە بێت ئەوە ئەو پۆستە نەبێت باشترە، ئەگەریش تەنها وەك سەرۆکێکی فەخری ئەو هەرێمە بێت و رەمزی یەکبوونی کورد و کۆکردنەوەی گوتاری سیاسیانەی کورد بێت بۆ یەك خیتابی دیاری کراو تا بە یەك دەنگ پرۆژەی مافی چارەنووسی کورد لە کوردستان پێشکەش بە عیراق و دونیا بکات دیارە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش بەشێوەیەك لە شێوەکان دیوێکی

**پۆزەتیڤانەی هەیە، بەلاّم باوەرناکەم وا بکەوێتەوە، چونکە تا پارتی و یەکێتی خاوەنی کۆبوونەوەی نهێنی و ژێراو ژێربن مومکین نیە گوتارێکی یەکبووی کوردانەیان لێبەرهەم بێت!!**